# ئەمەیان چی پینەی ئەکات...؟



سەلاحی گەرمیان
germiyan@hotmail.com

لە دوای بلاوبونەوەی هەر هەوالیک لە بارەی لیدوان و هەلویستە سەیرو سەمەرەکانی سکرتیری یەکیتی نیشتمانی کوردستان کە ئیستا خوزیاری یەکیتی نیشتمانی عیراقە، دەزگای راگەیاندنی یەکیتی و ئەندامانی پەیتا پەیتا ئەکەونە گر بۆ پاساوکردن و پینەکردن بۆ شاردنەوەی راستییەکان. پیویست ناکات بروانینە رابردوویەکی زۆر دوور ، هەر لەم سالانەی دواییدا چەندین هەلویستی سەیرمان بینی کە لە هەر مرۆڤیکی سادە بەدی بکرایە لە پیش هەموو لایەنیکی ترەوە ئەندامانی یەکیتی خاوەن هەلویستی لەو جۆرەیان بە جاش و خۆفرۆش لە قەلەم ئەدا.

نموونەی ئەو هەلویستانە: داکۆکیکردن لە ئەنفالچییەک وەکو نەزار ئەلخەزرەجی بە نامەی فەرمی بۆ دادگای دانیمارک و ناوهینانی ئەلخەزرەجی لە لایەن سکرتیری یەکیتییەوە وەک مرۆڤیکی نیشتمانپەروەر لە چەندین چاوپیکەوتنی رۆژنامەوانییدا کە تەنانەت زۆر لە ئەندامانی یەکیتی بەدرۆیان خستەوە لە سەرتادا وپاشان کەوتنە پاساوکردنی بە بیانووی ئەوەی بارودۆخی عیراق واهەلئەگریت تا پیاوانی رژیم هەلبین و ترسی ئەوەیان نەبیت کە سزا رووبەروویان ئەبیتەوە. هەلویست لە بەرەی تورکمانی و کیشەی کەرکوک بۆ دلنەوایی تورکیا وهەلکردنی ئالای رژیمی بەعسی عیراق لە ناوچەکانی ئیدارەی یەکیتی بە هەلەبجەشەوە ولابردنی ئالای کوردستان لەسەر میزی دانشتنەکەی تالەبانی لە ئوستراليا لە بەردەم چەند میوانیکی عەرەبی عیراق و باسکردنی بەشانازییەوە لەلایەن تالەبانی خۆییەوە لە چەندین چاوپیکەوتندا و چەندین هەلویستی تری لەو بابەتانە لە پیش روخاندنی رژیم. هەر لە گەل روخاندنی رژیم و هەلهاتنی سەرانی رژیم و خۆشاردنەویان، تالەبانی رایگەیاند کە ئامادەیە دالدەی ساجیدەی ژنی یکتاتۆر و کچەکانی بدات و لە کوردستان بە ئازادی بژین. سەبارەت بە عیزەت ئەلدوری تالەبانی هەمان هەلویستی نواند و ووتی کە ئەو کابرایەکی نەخۆشە و حەقییان بەسەرییەوە نیە. جگە لەو هەلویستانە هەر لە سەرەتاوە باوەشی بۆ بەعسسیەکان گرتەوەو چەندین لە گەورە تاوانبارانی رژیم و کۆنە بەعسییەکان لە ژیر ناوی ئاشتبونەوەی نیشتمانی. مشعان ئەلجبوری و وەفیق ئەلسامەرائی پاریزران و پاسەوانی کوردییان بۆ تەرخانکرا تا گەیشتە ئەوەی پلە و پایەیان بدریتی لە حکومەتی عیراقی نوی. مشعان ئەلجبوری ئیستا ئەندامی پەرلەمانە و بە راشکاوی ئەلیت من نوینەری بەعسییەکانم لە پەرلەمان و نابیت یەک عەرەبیک لە کەرکوک دەربکریت.
هەر تالەبانی یش بوو یاسای فیدرالی جوگرافی ئیمزاکرد کاتیک سەرۆکی ئەنجومەنی حوکمی کاتی بوو بەبی هیچ حیسابیک بۆ خواستی خەلکی کوردستان وتەنانەت بی گەرانەوە بۆ لای ئەندامانی سەرکردایەتی یەکیتیش.

ئیستاش پاش ئەوەی عادل عبالمهدی کە جیگری سەرۆک کۆمارە وەک نۆینەری شیعە لە هەیئەتی سەرۆکایەتی عێراق ڕیگای نەدا کە پۆستی رەسمی لە حکومەتی عێراق بدرێت بە وەفیق ئەلسامەرائی چونکە کۆنە بەعسییەو یەکێک بووە لە تاونبارانی ڕژێمی دیکتاتۆری و سەرۆکی دەزگای ئیستخباراتی عەسکەری بووە، سەرۆک کۆمار جەلال تاڵەبانی داینا بە ڕاویژکاری تایبەتی خۆی بۆ کاروباری ئاسایش.

جێی سەرنجە دەزگاکانی ڕاگەیاندی یەکیتی ڕۆژانە هەواڵ لەبارەی چاوپێکەوتن و نامەی پیرۆزبایی و سەردانی لایەنەکان وجموجوڵ و فەرمانەکانی جەلال تاڵەبانی وەک سەرۆک کۆماری عێراق بلاوئەکەنەوە، بەلام لە ئاستی هەواڵی دانانی وەفیق ئەلسامەڕائی بەڕاویژکار گیۆی خۆیان کەڕئەکەن و لە هیچ کونجیکەوە باسی لیوە ناکەن چونکە ئەزانن کاری وا جێی نەفرەت و شەرمەزاریی و ناڕەزایی خەلکە. پاساوکردن وپینەکردنیش تا سەر ناچێت هەرچەندە پینەچیی زۆر کارامەش بێت بەلام پینەکردن جاریک یان دووان کار ئەکات ڕاستییەکان لە خەلکی سادە ئەشارێتەوە. ئایا چی پینەچییەک ئەتوانێت ڕاستی ئەوەی کە ڕاویژکاریکی سەددام و لیپرساوی دەزگای ئیستخباراتی عەسکەری ڕژێمەکەی ئیستا ڕاوێژکاری تایبەتی کاروباری ئاسایشی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کوماری عێراقە بشاریتەوە وچی پاساوچییەک ئەتوانێت ئەو کارە دژە خەلکییە پاساو بکات. خەلکی کوردستان خوازیاری دادگایکردنی وەفیق ئەلسامەڕایی و سەرانی ڕژێمی لەناوچو وکۆنە بەعسی و ئەنفالچییەکانن، ئەم جۆرە هەلوێستانەش سوکایەتیکردنە بە خەلکی کوردستان و پێشێلکردنی هەموو خەون و ئارەزوەکانێتی.

2005/4/24